کەمسیۆن ئاماری کۆی گشتی سزاکان وتەماری دەنگدەرانی کارتی نوێ ڕادەگەیەنێت



ئەمڕۆ پێنجشەممە، کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاماری تەماری دەنگدەرانی کارتی نوێ و کۆی گشتی سزاکانی ڕاگەیاند.

کەمسیۆن لە ڕاگەیەندراوەکدا کەموتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند: "کۆی گشتی کارتی نوێ لە تەماری دەنگدەران بۆ ماوەی نێوان 23ی ئەیلول تا 23ی تشرینی یەکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025 لە هەموو پارێزگاکان گەیشتۆ 3,583,704، لە کاتێکدا ژمارەی کارتەکانی ژێر چاپ 475,716 بوو، و کارتە چاپکراوەکان لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا گەیشتۆ 3,107,988".

ئاماژەی بۆشکرد، "ژمارەی کارتە چاپکراوەکان لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا گەیشتۆ 1,942,050"، ووونیشیکردەوە کە "ژمارەی کارتە دابەشنەکراوەکان لە کۆی گشتی قۆناغی یەکەم و دووەم، گەیشتۆ 1,165,938".

کەمسیۆن وتیشی، "ڕێژەی کارتە دابەشکراوەکان لە هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمدا گەیشتۆ 62.5%، لە کاتێکدا ڕێژەی کارتە دابەشکراوەکان لە کۆی گشتی کارتە نوێکاندا گەیشتۆ 54.2%".

ئاماژەی بۆشکرد، "کۆی گشتی سزاکان تا 23/10/2025 گەیشتۆ 540"، وتیشی: "ژمارەی پیاوان 396 بوو، لە کاتێکدا ژمارەی ژنان 82 بوو، بەڵام ژمارەی دروشم و وێنەکان گەیشتۆ 62